سەماحەتی حەکیم پاڵپشتی خۆی بۆ شاندی حکومی لەسەردانەکەی بۆ واشنتۆن دەربڕی و هیوای خواست ئەنجامە خوازراوەکانی لێ بکەوێتەوە



لەڕۆژی سێشەممە بەرواری 16-4-2024 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز گلین مەلز باڵیۆزی تازەی ئوسترالیا لە بەغدا، سەماحەتی هیوای خواست بەڕێز باڵیۆز لەسەرۆکایەتی نێردەی دیپلۆماتی وڵاتەکەی سەرکەوتوو بێت، هەروەها بیروڕای ئاڵوگۆڕ کرد سەبارەت بە پتەوکردنی پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان عێراق و ئوسنرالیا ، هەورەها پێشوازی لە هاتنی کۆمپانیا ئوسترالییەکان بۆ عێراق کرد و بۆ ئەوەی سوود لەو هەلە باشانەی وەربگرن کە عێراق لە چەندین بواردا پێشکەشی دەکات.

سەماحەتی پاڵپشتی خۆی بۆ سەردانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ واشنتۆن دەربڕی و هیوای خواست ئەم سەردانە ئەنجامە خوازراوەکانی لە بدی بکرێت، هەروەها دووپاتی کردەوە کە سەقامگیری عێراق گرنگی زۆری بۆ سەقامگیری ناوچەکە هەیە.

سەماحەتی بانگەشەی ڕاگرتنی شەڕی غەزەی دووپاتکردەوە و بە پێویستی زانی هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارەکان پێشکەش بکرێت و یارمەتییەکان بچتە ناوچکە و شارەکەش ئاوەدان بکرێتەوە، داواشی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد واز لە دووروویی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی تراژیدی و وێرانی غەزە بهێنێت.